
هەستی
نەتەوەیی
نیشتمانی
و
لە شیعرەکانی
برایم ئەحمەددا
د. لوقمان رەئوف
باران

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت کار لەسەر حس و هەستە جیاوازەکانی وەک هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی تاک بەگشتی و دواجار بلە وەک نوێنەر و رابەری ئەم هەڵوێستە بخاتەروو، چونکە بەگشتی شاعیران باسیان لە شتە هەستییەکانی خۆیان کردوە، بەشێوازێک بووەتە خەمی گەورەیان، بەڵام لای بلە گەورەترین شت، هەستی مرۆییە گشتییەکان بووە، نەک تایبەتی و خودییەکان، بۆیە بەشێوەیەکی ورد فۆکەسی خستووەتە سەر ئەو هەستانەی، کە بوونی مرۆڤ وەک مرۆڤی ئازادو خاوەن بیروباوەڕ دەردەخەن، بۆیە ئەو پەیامەی لەم تێکستانەدا هەڵگیراون، بریتین لە پەیامی دەستە جەمعی کوردو هەر کاتێک گوێمان لێیان بێت، راستەوخۆ خۆمانیان تێدا دەبینینەوە، چونکە باسکردنە لە ناخی هەریەکەمان، جگەلەوەش دەیەوێت ئەوە بناسێنێت، کە ئەم هەستانە لەگەڵ زەمەنەکاندا کۆچ دەکەن و کاری خۆیان لەسەر نەوە جیاوازەکان بەجێدەهێڵن و هیچ شتێک نابێتە بەربەستی وەستاندنیان و بەردەوام ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت.

## ناساندن:

هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بریتییە لە ئەبسێشنێکی(هاجز) خودی و لە ناو بیرو عەقڵی تاکەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم سەرچاوەبوونەش لە ئەنجامی ژیانێکی رۆحی لەگەڵ شوێنەکەدا بۆ ماوەیەک بەرجەستەدەبێت.

هەستکردن بە نیشتمان بە گشتی لە شیعری کلاسیکیدا شتێکی باسکراو، یان دیار نەبووە، چونکە سروشتی شیعرەکە بریتییە لە شیعری لیریکی و ویژدانی و تێیدا شاعیر باس لە خواستەکانی دڵ و خود دەکات، واتە قسەکردنە لەسەر ناخی خود بۆ دەرەوەی خود، نەک بریتی بێت لە باس و خواستی دەرەوەی خود بۆ ناو خودی تر لە پرۆسەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی، یان بوون بە هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دی، بەمانایەکی تر هەستە غەریزەیی و خودیەکان زاڵنابن بەسەر هەستە خودیە بوونییەکانی مرۆڤ، ئەوانەی کە دەبنە ناسنامەو مێژوو.

لە راستیدا زمان لە دەقدا هێز و نەمانی دەقمان پێدەڵێت، بۆیە لە دەقدا لەیەککاتدا زمان هەم هۆیە، هەم مەبەستە، چونکە دیاریکردنی توانست و توانای شاعیر و نوسەرەو لێرەوە دەتوانێت وێناو بیرو روانینی و ئایدلۆژیای شاعیرو نوسەر دیارییکەین.

هەستەکان لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتیدا بوونیان هەبووەو بەپێی ژینگە و ئاستی مەعریفی کەسەکە، زاڵبوون و باڵادەستی و دەرکەوتنی جۆرێک، یان چەند جۆرێکیان لە ناو ئەوانی دیدا دەردەکەوێت، بلەش یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی، کە لە شیعرەکانیدا تایبەتمەندی مرۆیی پاڵنەرێکی سەرەکی هاواری ئازادی و بیرکردنەوەو بۆ ژیانە بووە، ئەمانەش کەسایەتی و ژیانێکی سۆزداری و پەیامداری بۆ خۆی و ژیان، دواتر لەگەڵ گەلدا دروستکردووە.

هەستی مرۆیی هەستکردنە بە شتە ناخۆشەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە بەسەر گەلێکدا دێت و شتێکی دڵهەژێنی بە کۆمەڵن، جۆرج ستینر (Gorg Steiner) دەڵێت «هەمووان دەزانن تراژیدیا لە ژیاندا چییە، بەڵام تراژیدیا بەشێوە شانۆییەکە نەبووەتە شتێکی جیهانی، پێویستە هونەری رۆژهەڵات توندوتیژی و سزا بناسێت، بەڵام وێنەگرتنی ئازارە کەسییەکان و پاڵەوانیەتی لە شانۆی تراژیدیا، بریتیە لە تایبەتمەندی کلتوری ئەوروپی»1.

لە راستیشدا بلە زۆر بە جوانی توانیویەتی لەلایەک هۆشیاری تراژیدی بخاتەڕوو، لەلایەک پاڵەوانەکەی بناسێن، لەلایەکی ترەوە وێنای تراژیدی دروستبکات، هەر ئەمەش وایکردووە، ئەگەرچی شیعرەکانی کەمن، لە ناویشیاندا شیعری بەهێز و جوان کەمن، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەی وایکردووە، شیعرەکانی بەهێزێکی دیار و شوناسی هەستەکانی گەلی کورد، ببێتە رابەری هەستی تراژدیی لە شیعری کوردیدا، ئەم کارەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە قۆناغەکانی ژیانی بوونەتە قوتابخانە بۆ لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی، وەک دەڵێت»لە ژیانی ئەو وەختەی مندا سیاسەت و ئەدەب وەکو شتێک پێکەوە بوون، لە وڵاتێکدا بووین کە ناو هەر ناوی کورد بوو، لەقوتابخانەکاندا شیعرو گۆرانی لەسەر کورد و کوردستان بوو، کەبەشی هەرەزۆری شیعرەکان سیاسی بوون»2راستە ئەمانە هۆکارێک بوون لەو هۆکارانەی برایم ئەحمەد ببەنە قۆناغێکی جیاوازتر، بەڵام لەراستیشدا بیرو جهانبینی بلەش، هۆکارێکی تری ئەم هەڵوێستانەی بووە، وەک



پ.د. زاهیر لەتیف دەڵێت»برایم ئەحمەد هەر لە زەمەنی چالاکییەوە تا دەگاتە ئەمڕۆش، خۆی لە هەردوو دۆخدا دەبینێتەوە، بەوەی دەقی ئەدەبی و شیعری و نامە فکری و سیاسییەکانی لە دۆخێکی دینامیکیدایە و هەر خوێندنەوەیەک بڕێک لە زانیاریەکان گەورەتر و فراوانتر دەکات، کە ئەنجامی ئەم خوێندنەوانە جورە گرژییەک لەسەر بەرامبەرەکانی دروستدەکات، ئەمەش لەڕێگەی هێزی ئەزموونە بابەتگەراییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، لەکاتێکدا بەراستییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکان بەتایبەتی و کۆمەڵگەی کوردی کردووە»3 هەروەها دەڵێت»راستی قەوارەی خاک و نیشتمان، ئەم راستییە مۆتیڤێکی وزەبەخشە بۆ دامەزراندن و لەدایکبوونی دەقە ئەدەبی و شیعریەکانی، بەشێکش لەدەقەکانی رەنگدانەوەی زەمەنی ئاییندەییە وەک پرۆسەیەکی پێشبینیکردن، ئاییندەییشی پەیوەستکردوە بە مەرجی یەکگرتن و یەکریزیی ماڵی کوردەوە»4

## جۆریەتی هەستەکان لە شیعرەکانی شاعیردا

لای شاعیر هەستی جوان دەبینرێت، بەتایبەتی ئەو هەستانەی تایبەتن بە نەتەوەو نیشتمانەوە، بۆیە کۆی خەم و روانینەکانی بریتیین لە هەستکردن بە ئازارەکانیان و لەرێگەیەوە هەم رابردووی ناساندووە، هەم لەرێگەی ئەم ناساندنەوە، ئێستاو ئاییندەش دەناسێنێت و لەرێگەی هەستەکانەوە دێتەوە ناو هەستی خوێنەرو راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروستدەکات.

### 1.هەڵچوونی تراژیدی:

لە راستیدا هەر لەسەر سەرەتای ژیانەوە، مرۆڤ ترسی لە بەرامبەر دەوروبەر هەبووە، زۆرجار ترس و دواجار دەسەڵاتەکانی، تراژیدیای جۆربەجۆریان خوڵقاندووە، بۆیە بەردەوام ترسی مردن ترسێکی سەرەکی ژیانە و هەمووان لە بارەیەوە دەپرسن، هەموو ئەمەش لەپێناو گەیشتنە لە نەسیجە سەرەکییەکەی، بۆیە ترس لە مردن جۆربەجۆر و شێوازدار دەکات، چونکە مرۆڤ ( لەهەموو سات و رۆژێکدا، مردنێکی لاوەکی دەمرێت و هەستیشی پێناکات)5، دەبێت مرۆڤ ئەم هەستە تراژیدیەی نەناسیبێت، ئەگەرنا ئەوا ئەو وتەیە راستە کە دەڵێت» گەورەترین هەڵە کە مرۆڤ کردبێتی، لە دایکبوونیەتی»6، بەڵام هەموو

هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بریتییە لە ئەبسێشنێکی (هاجز) خودی و لە ناو بیرو عەقڵی تاکەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم سەرچاوبوونەش لە ئەنجامی ژیانێکی رۆحی بۆماوەیەک لەگەڵ شوێنەکەدا بەرجەستەدەبێت



برایم ئەحمەد

جارێک ترس لە مردن تراژیدیا بەرهەمناهێنێت، بەڵام تراژیدیا هۆکارێکی سەرەکی ئەو مەرگەسات و هۆکارانەیە کە هەن، بۆیە شاعیر لە ئەنجامی ترسان لە نیشتمان، ئەم هەڵچونە تراژیدیانە دەخاتە روو، وەک دەڵێت:

جگە لەمەش کوردستان خاك و بوونە، ئەمەش بەکاولکاری و لەناوبردن کۆتایی پێناهێنرێت، بەمانایەکی تر ئەو روانینە کۆتایی هاتووە، کە بتوانێت لەم سەردەمەدا جارێکی تر داگیرکاری بەمانا کلاسیکیەکەی بەرهەمبهێنرێتەوە، چونکە کوردبوون زۆر لەوە بەهێزتر و کۆنتر و بەگوڕترەو ئەمەش بەردەوام لە ناخی مرۆڤدایە و هێزی شاراوەی دەروون و چەخماخەی تۆڵەسەندنەوەیە، وەك دەڵێت:

**داگیر کەری دڵە پڕ قین**

**دڕندەی بێ ویژدان و دین**

**گەر قەندیل و ئاگری شیرین**

**یەکسان کەی لەگەڵ رووی زەمین**

**ناتوانی وا کەی کورد نەبین**

**هەر کورد بووین و هەر کورد دەبین**

**لە پێش ئاگر پەرستی دا**

**لە پێش موسوڵمانێتی دا**

**لە دیلی و لەسەر پەرستی دا**

**هەر کورد بووین، هەر کورد دەبین....ل68**

شاعیر وەك شاعیرانی تر، دووبارە وەرزی ئازارەکان بە درێژایی مێژوو، وەك نمونە دەهێنێتەوە و دەیەوێت بڵێت لەپێناو خاك و نەتەوە و نیشتماندا، چەندین ئازار و قوربانیمان داوەو لێی پەشیمان نین و لەسەری بەردەوام دەبین، ئەمەش وەك قەرزێکی نەتەوەیی و نیشتمانیەو دەیدەینەوە، وەك دەڵێت:

**دیسان ئازارە، دیسان ئازارە**



برایم ئەحمەد

**لای خۆی سەرەتای گوڵ و بەهارە**

**کەچی بۆ گەلی کوردی بێچارە**

**هەموو پەژارە و دەرد و ئازارە....ل63**

## 2. وێنای تراژیدیا:

شاعیر زۆر بە وردی دەسەڵات و بیرو پلانی درێژخایەنی ناسیوە، بۆیە لێرە توانیویەتی وێناو مەترسییەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایەو پراکتیزەکردن لە بەرگی تراژیدیادا بخاتەڕوو.

شاعیر لە روانگەی خستنەرووی ئەم مێژووەوە، وەك تاك و دواجار وەك کورد، هەستی نەتەوەیی زاڵدەبێت و بە راشکاوی دەڵێت لەپێناو نەتەوە و نیشتماندا، هەموومان گیان لەسەر دەستین و ئامادەی قوربانیدانین، لە پێناو نەتەوە و نیشتماندا، وەك دەڵێت:

**من پێشمەرگەی کوردستانم**

**ئامادەی جەرگەی مەیدانم**

**بە سەر و ماڵ و ژیانم**

**ئەیپارێزم کوردستانم....ل47**

ئەم زمانەش لەپێناو ئەوەدایە، دەیەوێت ئێمەش وەك گەلانی تر ئازاد و سەربەست بین، ئەمەش پێویستی بە خەبات و قوربانیدانە و پێویستی بە کۆمەڵێکی دڵسۆز و خەمخۆری نەتەوە و نیشتمان هەیەو خۆیان و ژیانیان ببەخشنە نیشتمان، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئایندەی گەلدا، وەك دەڵێت:

**تا کوردیش وەك هەموو گەلان**

**بە کوێرایی گشت دوژمنان**

**نەبێ ئازاد و شادمان**

**نەگاتە گشت مافی ژیان**

**دەست لە خەبات هەڵناگرم**

**تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم .....ل48**

شاعیر لە کۆی ئەم روانینەی ئەوە دەخاتەڕوو، ژیان بە مانا سادەکەی یان ئاڵۆزکەی بێت لە کام ژیاندا، سەربەرزتر و هەست بەبوونی خۆی دەکات، لە دیلی، یان لە مردن و قوربانیدان، وەك دەڵێت:

**مرۆڤ بە دیلی بژی خۆشە، یان**

**بمرێت بۆ بەرزی خۆی و وڵاتی ......ل19**

یان:

**ئازادکردن و بەرزی وڵاتم**

**هیوای گیانمە و ئامانجی ژیانم....ل21**

## 3. روانینی نیشتمانی:

ئەو روانینانەن کە شاعیر بۆ نیشتمانەکەی کە کوردستانی گەورەیە هەیەتی، لەبەرئەوەی» کوردستان بۆ بلە لەلایەکەوە ناسنامەیە، لەلایەکی تریشەوە وڵات و قەوارەو ئێش و ئازادی و سەربەستی و فەرهەنگە، گەر سەیرێکی خێرای شیعرەکانی بکەین، ئەوا بەئاشکرا دەبینین وشەی کوردستانی بەرێژەی 13 جار بەکارهێناوەو وشەی خاك بەرێژەی 7 و وڵات بەرێژەی 3 و کورد بەرێژەیەکی زۆرگەورەتر کە بریتییە لە 36 جار. نیشتمانیش بەرێژەی 5 جار، هەموو ئەمانە جەخت لەسەر پەیوەستی و پەیوەندی و ئامادەبوونی شاعیرە بەخاک و نیشتمان. بەڵام بەمانای جیاواز کە بەم جیاوازییە دەوترێت ئامادەبوونی چۆنایەتی کەتەواو زەمەنی شاعیریان دەگیرکردووە»7بۆیە لێرەوە هەموو شتەکان دەبێنێت و لێرەشەوە بڕیار و قوربانی دەدات، بەمانایەکی تر شاعیر دەیەوێت خودو نیشتمان بکاتە یەک و لەروانگەی ئەم یەکبوونەوە، ئایندەو شتەکان بخوێنێتەوە، هەموو ئەمانەش لەرابردووەوە سەرچاوەی گرتوە، چونکە کورد گەلێکی ئازاو خەباتکارو قوربانیدەرەو هەر ئەمەش پاراستوونی، تاکە شتێک کە کورد تاوەکو ئێستاش بەسەریدا زاڵنەبووە، ناپاکەکانە، بۆیە شاعیر دەڵێت:

**تاقە شتێکی ئەم کوردستانە**

**داگیر نەکراوە بە جەنگی مەیدان**

**هەمووی بە پاکی و دڵسافی خۆمان**

**بە فرت و فێڵی زۆڵە موسوڵمان**



براهیم ئەحمەد

**کورد بێبەشکرا لە ماف و لە نان**

**لە ماڵی خۆیا بوو بە بێگانە .... ل67**

شاعیر دەیەوێت زۆر بە راشکاوی ئەو هێزەی هەستە بخاتەروو، کە بەردەوام بۆتە گیانی بەرخۆدان، ئەو هەستە نەتەوەیی و نیشتمانیەی، کە ئایندەی لێدەخوێنرێتەوە، بووەتە هێزی مانەوەی کورد لەسەر خاکی، ئەگەر نا، لاوازی ئاستی مەعریفی و بە داوی ئاینەوە، کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان داگیرکراوە و تەنها ئەم هەستە پاکانەیە، بووەتە هێزی بەرگری و مانەوە، بۆیە زۆر بە راشکاوی دەڵێت» خاوەن ماڵی بە داگیرکاری نابێت، خاڵ و هەستەکان ئاوێتەی بوون و ژیانە، دەکرێ دزی لێبرێ و داگیربکرێت، بەڵام دواجار دەبێتەوە بە جێگەی نامۆ و سەرەخۆرەیان، وەك دەڵێت:

**کورد خاوەنی ئەم نیشتمانە**

**پڕ خێر و فێڵ و پڕ نەوت و کانە**

**خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە**

**بەرگری هەموو گورزی زەمانە.....ل67**

## 4. روانینی نەتەوەیی:

مەبەست لەو هەستانەیە کە لەبەرامبەر نەتەوەکەی کە کوردە دەردەبڕێت، ئەم هەستەش لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرو نادادییەی، کە بەدرێژایی مێژوو بەرامبەر کورد کردویەتی سەرچاوەی گرتوەو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە هەم وەڵامی ئەم زوڵمانە بداتەوە کە بێسودن، هەم پەیمانی بوونیەتی خۆی دەسەلمێنیت، بۆیە لێرەوە هەموو ئەو بۆچوونە کلاسیکی و بێ بنەمایانەی رەتدەکاتەوە، کە لەسەر کورد مێژووەکەی هەن و هەریەکەیان پەیوەست دەکاتەوە بە نەژاد و رەگەزێکی ترەوە، دەیەوێت بڵێت ئەگەر دەتەوێت بزانیت سەر بە کام رەگەزیت، ئەوا لە هەستە ناوەکیەکانت و مێژوو بپرسە، جگەلەمەش» فەرهەنگی سیاسی دەستنیشانی سنووری ئایدیای شاعیر و سروشت و رەوشتی سیاسی وڵات و دەرەوەی وڵات بەرژێمە سیاسییەکانەوە دەکات. لەم فەرهەنگەدا کە زۆربەی وشەو زاراوەکانی پێشتر لەلایەن شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بەکارهاتووە»8 وەك دەڵێت:

**نە عەرەبم نە ئێرانیم**



**نە تورکێکی شاخستانیم**

**نەك هەر من خۆم، مێژوش ئەڵێ**

**کە کوردم و کوردستانیم....ل68**

ژیانی مرۆڤ لەسەر خاك و ئاو و بەپێی بنچینە و بنەما و کلتوری خۆی، مافێکی سەرەتایی هەموانە، بەڵام ئەگەر رێگری لەمانە بکرێت، هەوڵدەدرین لە رێگەی ناسین و مەعریفەوە هەلەی ئەم هەنگاوە بخەینەروو، گەرنا نرخی ئەم مافانە گەر گیانیش بێت دەیبەخشین، چونکە بوونمان یەکسانە بە هەستەکانمان، وەك دەڵێت:

**بۆ مافی گەل و خاکەکەم**

**هەتا ماوم خەبات دەکەم**

**نیازی خەباتمان شەڕ نیە**

**دەستخستنەوەی ئازادیە**

**بەڵام کە نرخی ئازادی**

**مردن بێ دەمرین بە شادی.....ل69**

هەر بۆیە شاعیر زۆر بە ئاشکرا هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بڕیاریداوە بژی لەپێناو نەتەوە و نیشتماندا و لەپێناویشیدا ئامادەی هەموو بەربەست و قووربانیدانەکانە، لەپێناو ئەو ئامانجەی کە بۆ نەتەوە و نیشتمان بەرزی کردۆتەوە، ئەمەش لەو هەستە نەتەوەیی و نیشتمانیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەگەڵیدا دەژی و بووەتە هێزی خەبات چ بە نوسین، یان بە هەست و هەوڵدان.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1. هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی مرۆڤ و رووداوەکان لاواز و بەهێزی دەکەن و دواجاریش هێزی رووبەرووبوونەوەی هەموو سات و بارە نالەبارەکانە.

2.شاعیر زۆر بە وردی کاری لەسەر هەستی گەلی کورد کردووەو لە روانگەی وێنایی خۆیەوە هەموو جۆرەکانی ناساندووە.

3. هەستی نەتەوەیی لاوازدەبێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ بەدووربگرێت، بەڵکو درۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات.

4.ترس لە مردن زۆرجار هۆکاری سەرهەڵدانی تراژیدیا و مەترسییەکانی ترە.

5. تراژیدیا و شێوازەکانی، هەڵگری ماناو مەودای جیاوازی تایبەت بە خۆیانن.

6. شاعیر دەیەوێت لەرێگای پاڵەوانی رووداوەوە، گەلی کورد بکاتە پاڵەوانی تراژیدیاکان و ئەم پەیامە بداتە دەسەڵات، کە کورد زۆر لەوانەی بیریان لێدەکاتەوە، بەهێزو نەمرترە.



برایم ئەحمەد

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1. انطوان معلوف، المدخل الى المأساة و التراجيديا و الفلسفه المأساوية، المؤسسه الجامعه، بيروت، ط 1، 1982، ص134.

2. د. عەبدوڵڵا مەردۆخ، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، بنکەی ژین، سلێمانی، 2010، ل59

3. پ.د. زاهیر لەتیف، برایم ئەحمەدو ستراتیژییەتی دەق، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،2017، ل13

4. هەمان سەرچاوە،ل18

5. ابراهيم عبدالرحمن محمد، قضايا الشعر فى النقد الادبى، دار العوده، ط 2، 1981، ص 116.

6. انطوان معلوف، المدخل الى المأساة و التراجيديا و الفلسفه المأساوية، المؤسسه الجامعه، بيروت، ط 1، 1982، ص 72.

7. پ.د. زاهیر لەتیف، برایم ئەحمەدو ستراتیژییەتی دەق، ل34

8. هەمان سەرچاوە،ل41

9. عومەر مەعروف بەرزنجی، براهیم ئەحمەد، کۆبەرهەمە شیعریەکانی،

Steiner . G: la Mort de la Tragedie, Edduseuil, Paris, 196510.